# بەش/ مێژوو (ئێواران)

# کۆلێژ/ ئەدەبیات

# زانکۆ/ سەلاحەددین – هەولێر

# بابەت/ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی

# پەرتووکی کۆرس – بۆ نموونە (ساڵی ١، ٢، ٣ یان ٤)

# ناوی مامۆستا/ کاروان جوهر محمد

# ساڵی خوێندن: ٢٠٢١ – ٢٠٢٢

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی كۆرس | ڕێبازی لێكۆڵینەوەی مێژوویی |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | كاروان جوهر محمد |
| ٣. بەش/ كۆلێژ | بەشی مێژوو/كۆلیژی ئەدەبیات |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: Karwan.Mohammad@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن : ٠٧٥٠٤٤٩٦٤١٩ |
| ٥. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری ٢<br>پراكتیكی: |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەكدا ٨ |
| ٧. كۆدی كۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەكادیمی خۆی (تەنها ئەكادیمی) یان ئاماژە بە Webpage, Blog, Moodle دەكات<br>ناو : كاروان جوهر محمد<br>زمانزانی: كوردی / بەڵێ (بە تەواوی)<br>عەرەبی / باش<br>ئینگلیزی/ باش<br>خوێندنی زانكۆ: بكالوريوس – سەلاحەددین ٢٠١١<br>خوێندنی باڵا: هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ<br>پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر<br>- ژیانی ئەكادیمیم لە زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر وەكو مامۆستای یاریدەر لە بەشی مێژوو لە ساڵی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١) دەستپێدەكات، لەو كات تاكو ئێستا وانەكانی بابەتەكانی (ڕێبازی لێكۆڵینەوە زانستی، مێژووی كۆنی ئێران و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا)م لە قۆناغەكانی یەک و دوو گوتۆتەوە، جگە لە بەشداری كردنم لە سیمینارەكانی كۆلێژ و بەش<br>خوولەكان: بەشداری چەندین خولم كردووە لەوانە: فێربوونی زمانی |

| | |
|---|---|
| | ئینگلیزی، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، فێربوونی کۆمپیوتەر ...هتد<br> ئەندامیەتی : ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان<br> چالاکیەکان:<br> لە بواری نوسین: لە هەردوو گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین و زانکۆی سەلاحەددین توێژینەوەم لە بواری مێژوو بڵاوکردۆتەوە.<br><br> کتێبی چاپکراو:<br> ئیدریس بارزانی ١٩٤٤ – ١٩٨٧ ژیان و ڕۆڵی سیاسیی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی |

١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە کۆرسەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی کە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:

- گرنگی خوێندنی کۆرسەکە (بابەتەکە): گرنگیەکە لەوەدایە دوای تەواو بوونی کۆرسەکە قوتابی فێردەبێت چۆن لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی زانستی بنووسێت، هەروەها چۆن بیربکاتەوە و لە مێژوو بڕوانێت و شێوازی پێکەوەلکاندنی زانیارییەکان و خستنەڕووی مێژووییانە و قۆناغەکانی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی هەروەها گرنگە بۆ ئاشنا بوون بە کێشە و ئارێشەکانی نووسینەوەی مێژوو لە رابردوو و ئێستادا و چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەی دێنە بەردەم توێژەر و دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان و دەستنیشانکردنی پەیوەندی دیاردەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیری و کلتوری و دارشتنی بەشێوازێکی مێژووییانە و هەروەها ئاڵۆزییەکانی مێژوو کەوا توانای ئەوەی نییە بخرێتە ژێر تاقیکردنەوە وەکو زانستە ئاوەزییەکانی تر و هاوکات گشتگیرنەبوونی هیچ ئەنجامێک لەسەر ڕووداوەکانی تر.
- تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە بریتیە فێربوون و ئاشنابوونی قوتابی بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی زانستی بۆ لێکۆلینەوەی مێژوویی جگە لەو وانانەی بە شێوەی تیۆری دەخوێنرێت کەوا خۆی لە چۆنیەتی مامەڵەکردن دەبینێتەوە هەر لە دەستپێکی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی تا دەگاتە ئەنجام و خوێندنی تەواوی بیردۆزە و بنەما و شێوازەکانی بەکارهێنانی پەراوێز و زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە و هەوڵدان بۆ ئەوەی بتوانن لە کاتی دابینکردنی هەلی کار لە شوێنێکی وەکو چاپخانە یان دەزگایەکی بڵاوکردنەوە بتوانن هەڵەچنی ئەو بابەتە مێژووییانە بکەن و سیمایەکی ئەکادیمی پێببەخشن.

١١. ئامانجەکانی کۆرس

ئامانجەکانی کۆرس: دیارە ئامانجی سەرەکی ئەو بابەتە و کۆرسەکەی دەتوانین پوختی بکەینەوە و لە چەند خاڵێک بیخەینەڕوو:

١- ئاشناکردنی قوتابی بە خودی مێژوو لە لایەک و هەموو ئەو زانستانەی کە هاوکاری مێژوون و بۆ هەر توێژینەوەیەکی مێژوو کە پێویستمان پێی دەبێت و چۆن سوودی لێوەربگرین.

٢- فێرکردنی قوتابی بە بنەما سەرەکییەکانی ڕێبازی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەدگار و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی مێژوونوسی و کەسایەتی توێژەری سەرکەوتوو و هەوڵدان بۆ پەیڕەوکردنی هەموو

بابەتەکانی خوێندن بە شێوەیەکی کردەکی لە نووسینی باسێکی ئەکادیمیدا..
٣- ئاشناکردنی قوتابیان بە چۆنییەتی پەیڕەوکردنی یاسا و بنەماکانی نوسینەوەی باسی ئەکادیمی بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش بۆ فێربوونی نووسینەوەی باسی دەرچوون کە وەکو بەشێک لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس پێش مەرجکراوە واتە (چۆنیەتی نوسینی باس و توێژینەوە و نامە و تێزی زانکۆیی).
٤- ڕاهێنان و ئامادەکردنی قوتابیان بۆ جیاکردنەوەی باسی ئەکادیمی لە باسێکی نازانستی.

١٢. ئەرکەکانی قوتابی
بۆ ئەو کۆرسە قوتابیان کۆمەڵێک ئەرکیان لەسەر شانە لەوانە: ئامادەبوون لە وانەکاندا، بەشداریکردنیان لە گفتوگۆکاندا، وروژاندنی پرسیار و چالاککردنی پۆل بەهۆی گفتوگۆی زانستیانە، پێشکەشکردنی چەند سیمینارێک لە هەر پۆلێکدا لە ماوەی کۆرسەکەدا، نووسینی باسێکی کورت بۆ ئاشکرابوونی توانستی فێربوونیان

١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە
لە ڕێگای  وانە گوتنەوە و گفتوگۆ لە گەڵ قوتابیاندا دەکرێت و مامۆستا بابەتەکە پێشکەش دەکات و دەرگای پرسیارکردن و تاوتوێ کردنی بابەتەکە والآ کراو دەبێت هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی پێویست سوود لە بەکارهێنانی داتاشۆ دەبینرێت بەتایبەتی بۆ نیشاندانی کورتەی وانەکان و دۆکیومێنت و کەرەستەی تایبەت بە وانەکە.

١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن
دیارە مامۆستا لەماوەی کۆرسەکەدا ٢ تاقیکردنەوە بۆ قوتابیان ئەنجام دەدات، هەر یەکێک لەو تاقیکردنەوانە ١٥ نمرەی لەسەرە، هاوکات ١٠ نمرەکەی تر بۆ بەشداری کردنی و چالاکی ڕۆژانە و بەشداری کارا و گفتوگۆی زانستیانە و سیمینار دەمێنێتەوە.

١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون
لە هەندێک لە خانەکانی پێشوو ئاماژەی بۆکراوە قوتابی لەو وانەیەدا ئامادە دەکرێ بۆ نووسینی توێژینەوە بە شێوەی زانستی هاوکات ئامادە دەکرێت بۆ قۆناغی چوارەم کە بتوانێت باسی دەرچوونی خۆی وەکو بەشێک لە بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بنووسێت و لە وانەکەدا بەهرەمەند بوویێت، هەروەها قوتابی فێری ئەوە دەبێت خۆی ڕادەستی هەموو دەقێکی مێژوویی نەکات، بەڵکو بەگومانەوە بڕوانێتە نووسینەکان و بتوانێت بە ئاسانی نووسینێکی ئەکادیمی لە نووسینێکی نا ئەکادیمی جیا بکاتەوە بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی وەریگرتووە خۆی پڕچەک بکات.

١٦. لیستی سەرچاوە
سەرچاوە بنەڕەتیەکان و سەرچاوەی سوودبەخش
سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- عبد الرحمان ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، دار الهيثم، القاهرة، ط١، ٢٠٠٥.
٢- عمار بوحوش، محمد محمود الديبات، مناهج البحث العلمي و طرق إعداد البحوث، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ط٢٠٠١، ٣.
٣- صلاح الدين مصطفى الفوال، منهجية العلوم الاجتماعية عالم الكتب، القاهرة، ط٥، دس.
٤- خالد حامد، منهجية البحث في العلوم الاجتماعية و الإنسانية، جسور، الجزائر، ط٢٠٠٨، ١.
٥- سامية محمد جابر و آخرون، البحث العلمي الاجتماعي، دار المعرفة الجامعية، دط، ٢٠٠٣.

٦- محي الدين مختار، الاتجاهات النظرية و التطبيقية في منهجية العلوم الاجتماعية، منشورات جامعة باتنة، ج ١،دس.
٧- صلا الدين شروخ، منهجية البحث العلمي للجامعيين، دار العلوم، عنابة، دط، ٢٠٠٣
٨- محمود عبد الحليم منسي، مناهج البحث العلمي في المجالات التربوية و النفسية، مصر، دط،٢٠٠٣
٩- المنهج التاريخي\المنهج التاريخي في مجال المكتبات والمعلومات بحث علمي في مفهوم المنهج التاريخي وعلاقة المنهج التاريخي بالعلوم الأخرى
١٠-مناهج البحث التاريخي بين الماضي و الحاضر للدكتور مصطفى أبو حنيف أحمد.
١١-مقدمة في البحث الاجتماعي للدكتور علي.
١٢-علم الاجتماع و العلوم الاجتماعية. علاقات و مجالات و ميادين. لصلاح مصطفى التوال.
١٣-مناهج في البحث في علمي التاريخ و السياسة. لشيخة البنراوي.
١٤-مناهج البحث في التربية و علم النفس للدكتور أحمد عاظم.
١٥- منهجية ابن خلدون التاريخية للدكتور محمد الطالبي.
١٦-منهج البحث التاريخي للدكتور حسن عثمان.
١٧-احمد عارف العساف, أ.د. محمود الوادي, منهجية البحث في العلوم الجتماعية والدارية دار صفاء للنشر والتوزيع, عمان, ط ١, ١١٠٢.
١٨- أ.د. حسن عواد السريحي, د. ليلى جابر, أ.د. عبد الرشيد حافظ, د. صالح السعد, أ.د. فالح الضرمان, د. عواطف يوسف ,التفكير والبحث العلمي, مركز النشر العلمي, ط ١, ٢٠٠٨.

## سەرچاوە کوردییەکان

١- کەمال مەزهەر — مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو
٢- سەلام عەبدولکەریم — فەلسەفەی مێژوو ... زانستی مێژوو
٣- عەبدولحسەین زەرینکوب — مێژوو لە تەرازوودا
(و: د. قادر محەمەد حەسەن و سۆران بهاء)
٤- سەروەر عەبدولڕەحمان — ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی
٥- سامان حوسێن ئەحمەد — میتۆد و لێکۆڵینەوە هەنگاوەکانی نووسینی لێکۆڵینەوەی مێژوویی
- تەلاڵ مەجزووب — ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی. و: (مەریوان عەبدول)
کەیوان ئازاد ئەنەوەر — ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی

| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە.<br>یەکەکانی خوێندن<br>**تەوەرەی یەکەم:** | ناوی مامۆستا<br>وەک: ٢ کاتژمێر<br>٢٠٢١/٩/ |

| | |
|---|---|
| ١- لێکۆڵینەوە چییە؟<br>٢- مێژووی لێکۆڵینەوەی زانستی.<br>٣- قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی.<br>٤- ئەرک و ئامانجی لێکۆڵینەوە.<br>٥- تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی.<br>**<u>تەوەرەی دووەم:</u>**<br>- مێژوونوس کێیە؟<br>(سیفەتەکانی مێژوونوس)<br>١- حەز و ئارەزوو.<br>٢- سەبر و ئارام گرتن.<br>٣- بێلایەنی.<br>٤- دڵسۆز و ڕاستبێژ.<br>٥- دور بێت لە مەبەستی ناوبانگ و دەستکەوت و پلە و پایە.<br>٦- گومان و ڕەخنەی زانستی.<br>٧- هەستکردن بە بەرپرسیارەتی.<br>٨- بەرنامەی هەبێت و پلان کاربکات.<br>٩- ڕەوشتی بەرزی.<br>١٠- بیرفراوانی.<br>١١- شارەزابوون لە زمانە بێگانەکاندا.<br>١٢- شارەزایی لە بواری تەکنەلۆژیا.<br>١٣- خاکی بوون (المتواضع).<br>**<u>تەوەرەی سێیەم:</u>**<br>(زانستە یاریدەدەرەکانی مێژوو).<br>١- زمان.<br>٢- فیلۆلۆجی (فقه اللغة)<br>٣- جوگرافیا.<br>٤- ئابووری.<br>٥- ئەدەب.<br>٦- دراوناسی.<br>٧- مۆر (ختم).<br>٨- شوێنەوارناسی (علم الاثار).<br>٩- بەڵگەنامە (علم الوثائق). | |

| | |
|---|---|
| ١٠- زانستی کۆمەڵناسی (علم الاجتماع).<br>١١- زانستی سیاسەت<br>**بەشی دووەم:** (قۆناغەکانی نوسینی لێکۆڵینەوەی مێژوویی).<br>**تەوەرەی یەکەم:**<br>١- دەستنیشانکردنی ناونیشان.<br>٢- پلانی توێژینەوەکە.<br>٣- کۆکردنەوەی زانیاری (جمع المصادر).<br>٤- رەخنەی مێژوویی.<br>٥- قۆناغی نوسین.<br>**تەوەرەی دووەم:** (هەڵبژاردنی ناونیشان و مەرجەکانی)<br>١- ناونیشانی توێژینەوەکە.<br>٢- مەرجەکانی ناونیشان.<br>أ- وردی و ڕونی (الدقة و الوضوح).<br>ب- نوێکاری داهێنان (التجدید والابتکار).<br>ج- بونی سەرچاوەی پێویست (وفرة المصادر).<br>**تەوەرەی سێیەم:** (پلان و توخمەکانی پلانی توێژەر).<br>١- گشتگیر (الشمولیة).<br>٢- گونجان (الملائمة).<br>٣- داهێنان (الابتکار).<br>٤- نەرمی (المرونة).<br>**تەوەرەی چوارەم:** کۆکردنەوەیزانیاری (جمع المعلومات).<br>• ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری:<br>١- ڕێگەی تەرخانکردنی دۆسیە.<br>٢- ڕێگەی تەرخانکردنی پەڕاو.<br>٣- ڕێگەی کارت.<br>**تەوەرەی پێنجەم:** ( رەخنەیی مێژوویی).<br>١- رەخنەی دەرەکی (النقد الخارجي).<br>٢- رەخنەی ناوەکی (النقد الباطني).<br>تەوەرەی شەشەم: (پێکهاتەی لێکۆڵینەوەی و تەکنیکی نوسین). | |

<table>
<tr><td></td><td>١- پێکهاتەی لێکۆڵینەوە:<br>أ- ناونیشان.<br>ب- ئایەتێکی قورئان یان قسەیەکی نەستەق.<br>ج- پێشکەشکردن.<br>د- سوپاس و پێزانین.<br>ه- هێما کورتکراوەکان.<br>و- ناوەڕۆک.<br>ز- پێشەکی.<br>ر- دەروازە.<br>س- دەق.<br>ش- دەرئەنجام.<br>ص- پاشکۆ.<br>ض- لیستی سەرچاوەکان.<br>٢- تەکنیکی نوسین:<br>أ- خاڵبەندی.<br>ب- پەراوێز.<br>ج- جۆرەکانی پەراوێز.<br>د- سیستەمی نوسینی پەراوێز.<br>هـ - شوێنی تۆمارکردنی پەراوێز.<br>و- چۆنیەتی تۆمارکردن لە پەراوێزدا.</td></tr>
<tr><td></td><td>١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)</td></tr>
<tr><td>ناوی مامۆستا<br>وەک: ٣-٤ کاتژمێر<br>٢٠٢١/٩/</td><td>لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت.</td></tr>
<tr><td colspan="2">١٩. تاقیکردنەوەکان<br>١. دارشتن: لەم جۆرەتاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.<br>لەگەڵ وەڵامی نموونەییان<br>نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت<br>٢. راست وچەوت: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە راست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.<br>٣. بژاردەی زۆر: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.</td></tr>
</table>

| |
|---|
| ٢٠. تێبینی تر<br>لێره مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی. |
| ٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ<br>ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.<br>هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت. |